# کورد و پەناخواستن

**ئەمجەد شاکەلی**

تا پێش ساڵی 1991، کوردگەلێکی باشووری کوردستان، کە ڕوویان دەکردە ئەورووپا، بە ناوی سیاسەت و هەڵاتن لە ڕژێمی بەعس و ڕاوەدوونان و لە ترسی زیندانی و کوشتن و ئەوانە خۆیان بە پۆلیس و کارگێڕییەکانی وڵاتانی ئەورووپا دەدایە ناسین و داخوازیی پەنابەرییان دەکرد. لە نێو ئەو خەڵکانەی ئەو ساڵانەدا هەڵاتوانی پاش هەرەسی 1975 و کوردانی فەیلیی وەدەرنراو و هەڵاتوانی جەنگی عیراق- ئێران و خەڵکانی سەر بە حیزب و گرۆی سیاسیی کورد و کۆمۆنیست و چەپەکان و هەڵاتوانی سەربازی و هەڵاتوانی جەنگی نێوخۆی کورد-کورد و خوێندکارانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و سۆڤییێت و دەیان جۆری دیکەی تێدا بوون. ئەوەی هەڵاتبوو و داوای پەنابەری لە ئەورووپا دەکرد، لە لانەوازی و پێویستییەوە بوو، نەک لە خۆشی و بۆ ڕابواردن هاتبێت. ئەگەر هاتبا لە وڵاتانی دەورووبەری کوردستان خەڵکی کورد داڵدە درابا و مافی پەنابەریەتیی وەرگرتبا، ئەوا خەڵک ڕوویان نەدەکردە ئەورووپا. ئەودەمی خەڵک زۆر بە سەختی دەگەیشتە ئەورووپا و هەزارویەک دەردەسەری تووش دەبوو تا ڕێگەیەکی دەدۆزییەوە بۆ خۆگەیاندن. ئەوەیشی گەیشتبا، هێشتا لە ئەورووپاش هەر لە دڵەڕاوکەدا بوو و هەمیشە ترسی دەسەڵاتدارانی عیراق و سیخوڕ و نۆکەرانی ئەوانی هەبوو و هەرگیز بە دڵنیایی و ئارام کاتیی لێ بە سەر نەدەچوو. هەر لە سوێددا چەندین ڕووداوی کوشتنی نەیارانی ڕژێمی بەعس بەدەستی سیخوڕانی ئەو ڕژێمە قەوما. لە 1991 بە دواوە، کە بەشێک لە باشووری کوردستان، کەوتە ژێر دەسەڵاتی کورد خۆیەوە، ئیدی دەرگای ئەورووپا بۆ کوردی باشووری کوردستان کرایەوە و بواری پەڕینەوەی سنوورەکانی نێوان باشووری کوردستان و ئێران و تورکیا و سووریا و...ئاسانتر بوو. کورد بە لێشاو و لە ڕێگەی جیاواز و بە سەر وڵاتی جیاوازدا ڕوویان دەکردە ئەورووپا. هەزارویەک ڕێگە و دەرفەتیان دەقۆستەوە بۆ خۆگەیاندن بە ئەورووپا. لە ئەفغانستان و پاکستان و ئۆکراینا و ڕووسیا و پۆڵۆنیا و بولگاریا و ڕۆمانیا و یۆنان و تایلاند و کەمبۆچیا و ... سەدان شوێنی دیکەوە کورد گەیشتە ئەورووپا و ئەمەریکا و کەنەدا و ئەوستralیا. قاچاخچێتی مرۆڤ، بازرگانیی مرۆڤ، هێنانی مرۆڤ لە کوردستانەوە بۆ هەندەران، بوو بە پیشەسازی و بازرگانییەکی گەلێک مەزن، کە سەدان کەس کاریان تێدا دەکرد. هەزاران کەس لەو بوارەدا وەک شاگردان و یارمەتیدەرانی قاچاخچییە مەزنەکان وەگەڕ کەوتبوون و خەڵکیان دەکڕی و دەفرۆشت و پارەیان پێ وەردەگرت. هەریەک لەو خەڵکانە میلیۆنان دۆلاریان قازانج دەکرد لەو بازرگانییەدا. پەناخوازی وا هەبوو، کە دەگەیشتە یۆنان و تورکیا و پۆڵۆنیا و ڕووسیا و...لەگەڵ قاچاخچییاندا دەستی تێکەڵ دەکرد و بۆ خۆیشی دەبووە قاچاخچی و بە سەدان کەسی بەڕێ دەخست و پارەی پێ وەردەگرتن.  قاچاخچییان وەک جامباز کاریان دەکرد و

خەڵکانی پەناخوازیشیان وەک جەڵەبەبێگەڵ چاولێدەکرد. بەشێک لەو کوردانەی، کە پێشتر لە ئەورووپا ژیابوون و دەرفەتی گەڕانەوەی کوردستانیان بۆ ڕەخسا، ڕۆڵێکی خراپیان لە هاندانی خەڵکی کوردا بۆ جێهێشتنی وڵات و ڕووکردنە ئەورووپا دیت. ئەوان ئەورووپایان لەبەرچاو خەڵکی کوردستان و بە تایبەت لاوان، کردە بەهەشت و بە جۆرێک خەڵکیان تێگەیاند، کە لە ئەورووپا پارە هەڵڕژاوە و خەڵک لە بەهەشتدا دەژی و دەرگای مێبازی لەسەرپشتە و ڕابواردن مفتە و هەموو شتێک بە ئارەزووی خۆتە. ئەو ڕەوشە کارێکی وای کردە سەر هەزاران کورد، کە ماڵ و خانوو و نێوماڵە و فرۆشگە و ئۆتۆمبیل و مۆڵک و سامانی خۆیان بفرۆشن تەنێ لەپێناو گەیشتن بە ئەورووپا. کورد بۆ ئەوەی جێگەی خۆی لە ئەورووپا بکاتەوە دەبوو بەڵگە و هۆ بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی پۆلیسی ئەورووپا بڕوای پێ بکات و جێی ببێتەوە. عەرەقفرۆشی، مێبازی، ئایینگۆڕین لە ئیسلامەوە بۆ مەسیحی، سەر بە فلانە حیزب و دژی فلانە حیزببوون و ترس لە فلانە حیزب، ترس لە ئیسلام و حیزبی ئیسلامی، حەزکردن لە کچ یا ژنێک و هەڵاتن لە ترسی کەسی ژنە، حیزیی واتە: نێربازیی و هاوسێکسبازیی و...دەیان هۆی دیکە دەبینرانەوە بۆ قایلکردنی پۆلیسی ئەورووپا بۆ جێگیربوون لە وڵاتێکی ئەورووپایی. لە نێو ئەو خەڵکانەدا هەبوون، چەندین جار ئەمسەر و ئەوسەریان پێ دەکرا و دەگێڕدرانەوە بۆ یەکەم وڵات، کە لێیەوە هاتوون، کەچی دوای ماوەیەکی دیکە هەم دەهاتنەوە و بە ناوێکی دیکەوە خۆیان لەکن پۆلیس دەدایەوە ناسین. کە پەنجەمۆریان ئاشکرا دەبوو، پەنجەیان دەخستنە سەر ئاگر و دەیانسووتاندن و بە شێوەیەکی دیکە پەنجەمۆریان دەکرد. کاغەزی ساختە و بەڵگەنامەی ساختە و ڕەگەزنامەی ساختە و ناوی ساختە، دەدرایە دەست کارگێڕی بیانییانی ئەورووپاییەوە و پێیان دەگوترا. هی وا هەبوون لە سێ چوار وڵاتی ئەورووپایی و لە هەر وڵاتێک بە ناوێکی جیاوازەوە خۆی دەدایە دەست پۆلیسەوە و پاشانیش، کە مۆڵەتی مانەوەی پێ دەبەخشرا، وەک شەحنەی[1] سەردەمی دەرەبەگایەتیی بە سەر ئەو وڵاتانەدا دەسووڕایەوە و مووچەی پەنابەریەتی و پووڵی، ڕێک وەک سەرانە و باج، لە هەر یەک لەو وڵاتانە وەردەگرت. هی وا هەبوو لەم وڵاتی ئەورووپا وەدەردەنرا لە وڵاتێکی دیکەوە سەری دەردەهێنا و خۆی دەدایە دەست پۆلیسەوە. هی وا هەبوو چەندین ساڵ بێ مۆڵەتی مانەوە دەمایەوە و خێزان و ماڵ و منداڵیشی لە کوردستان جێهێشتبوون و هەر بە خەیاڵیشیدا نەدەهات. هی وا هەبوو خوشکی خۆی، دایکی خۆی، کچی خۆی بە ژنی خۆی دەدایە قەڵەم و دەیهێنان بۆ ئەورووپا. وشەی "ڕاکێشان" لەو ساڵانەدا هاتە ئاراوە، کە دەکاتە هێنانی خەڵکی دیکە لە کوردستانەوە بۆ ئەورووپا. کچێک لە کوردستان مێردی بە کوڕێکی کوردی ئەورووپانشین دەکرد و یەکێک لە مەرجەکانی مێردکردنەکە ئەوە بوو، کە مێردە برایەکی یا کەسێکی کچەکە ڕاکێشێت بۆ ئەورووپا. ئیدی پارە خڕ دەکرایەوە تا ئەو کەسە دەهێنرا. زۆرجاران ئەو کارانە دەبوونە هۆی تێکدان و لێکترازانی خێزان و ژن و مێرد. لە نێو ئەوانەی دەهاتنە ئەورووپا هەبوون، کوڕی

[1] نوێنەری خاوەن موڵک و دەرەبەگ، کە بە سەر وەرزێراندا دەگەڕا و بەرپرسی خڕکردنەوەی باجی زەوی و بەرهەمی کشتوکاڵ بوو. داروغەیشی پێ دەگوترێ، کە واتای سەردەستە و گەورەی پاسەوانانیش دەدات.

خەڵکانێکی دەوڵەمەند بوون، کە باوکیان هەر بۆ پارەپەیداکردن و زیاترکردنی سەرمایە ناردبوونییە دەرێ[2].
پاسپۆرتی کوردی ئەوروپانشین دەفرۆشرا، دەکڕدرا، بزردەکرا، لە سەری دەر دەکرا. پاسپۆرتی نوێ نەک جارێک دەیان جار وەردەگیرا. تەنێ لەپێناوی هێنانی خەڵک و گەیشتن بە ئەوروپا و مانەوەدا لە ئەوروپا، بۆ دابینکردن و تەدارەکی ئەو کارانە، سوێند دەخورا، هەزاری بە پووڵێک. بۆ ئەو مەبەستە هەزارویەک ڕێگە دەگیرایە بەر. کوردی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و چەمچەماڵ و کەلار و ئامێدی و شوێنەکانی دیکەی بەشە ئازادەکەی باشووری کوردستان، لە ئەوروپا بە نێوی کوردی خانەقینی و کەرکووکی و مەندەلیی و خورماتوویی و جەلەولایی و فەیلیی بەغداییەوە خۆیان دەدایە دەست پۆلیسەوە. پیاوی وا دەهات 12، 14 ناسنامە و ڕەگەزنامەی لەبەردەم پۆلیسەکاندا دادەنا، کە نیوەی هی منداڵانی ماڵە خزم و هاوسێ و کەسی دیکە بوون نەک هی خۆی. زەلامی سمێڵزل و سەرەوەی بیست و ئەوەندە ساڵ دەهات و وەک 17 ساڵان خۆی دەدایە ناسین، بۆ ئەوەی بتوانێت بە ڕێگەیەکی قانوونیی دایک و باوکیشی بهێنێت بۆ ئەوروپا. منداڵی تەمەن گچکەی 12 و 13 و 14 و 15 ساڵانی کچ یا کوڕ، باوک و دایکیان لە کوردستان دەیانناردنە دەرێ بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ دەرچوونی خۆیان خۆشکەن. ئەو زارۆکانە بۆ خۆیان بە تەنێ و لە ڕێگەی قاچاخەوە دەنێردرانە دەرێ و کە دەگەیشتنە ئەوروپا دەخرانە شوێنی تایبەتی منداڵان و لەبەر ئەوەی منداڵیش پێویستی بە سەرپەرشتیارە ئیدی قانوون ڕێگەیان دەداتێ داخوازیی هێنانی باوک و دایکیان بکەن و کارگێڕی پەنابەرییش لە وڵاتانی ئەوروپا کارئاسانییان بۆ هێنانی باوک و دایکی ئەو منداڵانە دەکرد و ئیدی ئەوانیش بە ئاسانی لە سەر حیسابی وڵاتانی ئەوروپا و لەبەرخاتری منداڵەکانیان دەهێنران. هەندێک منداڵ لەگەڵ منداڵی ماڵێکی دیکەدا تێکەڵ دەکران و دەهێنران و پاشان، کە دەگەیشتنە ئەوروپا لەو ماڵە جوێ دەبوونەوە و نێوی باوک و دایکی خۆیانیان دەدا و ئەوانیان دەهێنا. جاری وا هەبووە بە تاکە یەک پاسپۆرت، کە هەر جارەی بۆ کەسێک بەکاربراوە و وێنەکەی و هەندێک شتی دیکەی گۆڕاوە دەیان کەسی پێ هێنراوەتە ئەوروپا. زۆرێک بە فڕۆکە و بە پاسپۆرتی ساختە لە فڕۆکەخانەکانی ئەوروپا دادەبەزین و کە خۆیان دەدایە دەست پۆلیسەوە دەیانگوت بە کامیوون و لۆری و ئۆتۆمبیل لە تورکیا و یۆنانەوە هاتوون. مەسیحی عەنکاوەیی دەهات، هەرچی شتی ناحەزە لە بارەی کوردەوە دەیگوت و وای باس دەکرد، کە لە ترسی حیزبە ئیسلامییەکان هەڵاتووە، چونکە نەیانهێشتووە عەرەق بفرۆشێت یا نەیانهێشتووە هاتوچۆی کڵێسە بکات. کوردی وا هەبوو دەیگوت، کە لە لایەن هەرسێ دەسەڵاتی یەکیەتیی و پارتیی و بەعسەوە ڕاوەدوو نراوە و ئەگەر بیانگرتبا دەیانکوشت. گەلێکیش بە نێوی جەنگی نێوخۆ و براکوژییەوە خۆی دەدایە دەست پۆلیسەوە. ئەوروپاییانیش کارئاسانییەکی تەواویان بۆ وەرگرتنی پەنابەری کوردی باشووری کوردستان دەکرد، تا وای لێهاتبوو، کەسێکی کوردی پەناخواز بە ماوەی دووحەفتەیەک مۆڵەتی مانەوەی دەدرایە و پاش ماوەیەکی کەم دەبووە خودانی خانووی خۆی و پاسپۆرتی خۆی و گیرفانی خۆی و دەگەڕایەوە

[2] من بۆ خۆم ساڵی 1991 و لە سەردەمی کۆڕەوەکەدا و لەنێو ئۆردووگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، کە هەڵاتوانی کۆڕەوی باشووری کوردستانیان گرتبووە خۆ، خەڵکی لەو جۆرەم دیتبوو، کە دەیەویست لەمەڕ چۆنیەتیی کار و سەرمایەوەگەڕخستنەوە لە ئەوروپا بزانێت و بە ڕاشکاوییش دەیگوت، مەبەستی ناردنی کوڕی خۆیەتی بۆ وەها کارێک.

کوردستانیش. لەبەر ئەوەی وەرگرتنی پەنابەریی بۆ کوردی باشوور هێندە ئاسان بووبوو، خەڵکی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بە نێوی کوردی باشوورەوە داوای پەنابەرییان دەکرد و تەنانەت خەڵکی ناکوردیش فێری ئەوە بووبوون، کە بە نێوی کوردەوە خۆ بگەیەننە ئەوروپا و پەنابەریی وەرگرن. ئەم هەڵاتن و ڕەوکردنی خەڵکەی کوردستان بۆ ئەوروپا، بێجگە لەوەی قورساییەکی بۆ کوردانی پێشتر دانیشتووی ئەوروپای ساز کرد، بەوەی پارەیان بۆ بنێرنەوە و کۆمەکیان پێ بکەن، بۆ دەرچوون لە وڵات بە هەر جۆرێک بێت، بوو بە هۆی سازکردنی کۆمەڵێک کێشە و سەرێشە بۆ کوردانی ئەوروپایش. کێشەی ئابووری، خێزانی، کۆمەڵایەتی و...زۆری دیکەش سەریان هەڵدا. هەر کردنەوەی دەرگای کوردستان دوای 1991 و بەرپابوونی دەرفەتی گەڕانەوەی کوردی ئەوروپا بۆ سەردانی کوردستان، بۆ خۆی گەلێک کێشەی بۆ کوردانی ئەوروپا ساز کرد. ئەودەمی باری ئابووری خەڵک لە کوردستان گەلێک خراپ بوو و خەڵک نەدار بوو. کوردی ئەوروپایش هەرچەندی دەستکورت و هەژاریش بوایەن، لە چاو ئەوانەی کوردستان باشتر بوون. ئیدی کوردی ئەوروپانشین پارەیان کلدەکردەوە بۆ کوردستان یا بۆ خۆیان دەیانبردەوە. ئەو شاندن و بردنەوەی پووڵە، سەدان کێشەی بۆ کوردانی ئەوروپا دەسازاند. ژن و مێرد و خێزان هەوڵیان دەدا یارمەتی بنێرنەوە بۆ کەسانی خۆیان لە وڵات. ژن داوای دەکرد یارمەتیی ماڵی باوکی بدرێت و مێردیش دەیویست یارمەتی ماڵی باوکی خۆی بدات. ژن بە دزیی مێردییەوە کۆمەک و پارەی بۆ ماڵیی باوکی خۆی دەناردەوە و مێرد بە دزیی ژنەکەیەوە پارەی دەناردەوە. ئەو دەیگوت تۆ بۆ دایکت زیاترت ناردووەتەوە و بۆ دایکی منت کەمتر ناردووەتەوە و ئەمیش پێچەوانەی ئەوەی دەگوتەوە. هەریەکەیان ماڵی دایک و باوکی خۆیان، بە دەستکورت و نەدار دەدایە قەڵەم، ئەگەر وایش نەبوونایە و پێچەوانەکەیشی بووایەن. جاری واهەبوو هیچ یەک لە ژن و مێرد ئاگایان لە ڕەوتارکردنی یەکدی نەبوو و کەس بە ئەوی دیکەی نەدەزانی چ دەکات. کلکردن و بردنەوەی پارە بۆ کەسەکانی کوردستان و کۆمەککردن بە دەرچوونیان بۆ ئەوروپا و سەردانی کوردستان، ئەگەر دەردەسەری و سەختییەکی زۆری بۆ کوردانی ئەوروپا سازاندبێت، ئەوا بۆ ئەوانەی کوردستانیشی کەم نەسازاندووە. چەندین ڕووداوی کوشتن و سەرژێکرن و تەڵاقدان و تێکچوونی خێزان و شەڕەچقۆییش لە کوردستان بە هۆی "دەڤەری ئازاد" و "دەڤەری هەڵنەفرینی فرۆکە" و "ناردنەوەی پارە لە ئەوروپاوە" و "1991"ەوە، هاتنە گۆڕێ و بوونە هۆی کارەسات و کلۆڵیی بۆ چەندین خێزان و خەڵکی کورد. تەواوی ئەو کارانە و پرۆسێسەکە بەو جۆرە ڕۆیشت و بەڕێوەچوو و تا ڕووخانی ڕێژیمی بەعسیش دەیخوارد و دەکرا. ئێستا دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعس و سەددام حوسەینیش خەڵک هەن، هێشتا وڵات بەجێدەهێڵن و ڕوودەکەنە ئەوروپا. هێشتا پاشماوەی خەڵکانی دەرچووی چەندین ساڵێکی پێش ڕووخانی بەعس لە وڵاتانی یۆنان و تورکیا ماونەوە و تەدارەکی خۆیان دەبینن بۆ هاتن بۆ ئەوروپا و هی وایشیان هەن تازە دەگەنە ئەوروپا. خەڵکیش هەن تازە و لە دوای ڕووخانی بەعسەوە وڵاتیان جێهێشتووە و گەیشتوونەتە ئەوروپا. ئێستا بۆ ئەوەی جێی خۆیان لە ئەوروپا بکەنەوە و مۆڵەتی مانەوە و ژیان بەسەربردن لە ئەوروپا وەرگرن، گەرەکە بەڵگەی دیکەی پێچەوانەی بەڵگەکانی سەردەمی ڕێژیم بدەنە پۆلیس و بە جۆری دیکە و قسەی دیکە و پاساوی دیکە، داکۆکی لە هەڵاتنی خۆیان و ڕووکردنە ئەوروپایان و داخوازی

پەنابەرییان بکەن. ئێستا ئیدی قەوانە سواوە کۆنەکانی جاران ناخۆن و بەڵگە و هۆی نوێ پێویستن و دەبێ بخرێنە بەردەست. دەزانی ئێستا کوردگەلێکی ڕووڵەئەوروپاکەر و پەناخواز چۆن خۆیان بە وڵاتان و کارگێڕییانی بیانیی ئەورووپا دەدەنە ناسین و داوای پەنابەریی دەکەن؟ ئێستا کورد وەک بەعسی و جاش و سیخوڕی ڕێژیم یا بەعسیزادە و جاشزادە و سیخوڕزادە، خۆ بە دەسەڵاتداریەتیی ئەورووپا دەناسێنێت. ئێستا لەکن پۆلیسی ئەورووپا باسی ئەوە دەکات، کە باوکی بەعسی یا جاش یا سیخوڕ یا پیاوی ڕێژیمی بەعس بووە و پێوەندی بە بەعسەوە هەبووە و خزمەتی بە حوکوومەتی بەعس کردووە و خەڵکی ئازار داوە و گرتووە و کوشتووە و دەستی لە خوێنی خەڵکدایە و دوای ڕووخانی سەددام حوسەینیش خەڵک ویستوویانە تووڵەی کردەوەکانی باوکی لە هەموو ئەندامانی ماڵەکە بکەنەوە و ئەگەر گیرابا دەکوژرا و لەبەین دەبرا و ئیدی ئەمیش هەر فریای ئەوە کەوتووە کەوڵی خۆی ڕزگار کات و هەڵبێت و خۆ بگەیەنێتە ئەورووپا. لە تەواوی ئەو پرۆسێسە گرۆتێسکییەدا، ئەوەی دێتە بەرچاو و مرۆڤ دەیگاتێ ئەوەیە، کە مرۆڤی کورد، دیارە مەرج نییە هەمووی، توانستێکی باشی خۆگۆڕین و کەسیەتییگۆڕینی هەیە و پێی دەکرێت چۆنی بووێت و بە چ جۆرێک بیەوێت خۆی پێشان بدات و بە چ ئاوازێک بیەوێت هەڵپەڕێت و بە چ بایەک بیەوێت شەن بکات و فرەجاران هیچ شتێک بەری پێ ناگرێت و خۆخوازی و خۆویستی و هەڵپە و چاولێکەریی کاریگەرییەکی ئەوتۆی کردووەتە سەری، کە شەرم لە هیچ شتێک نەکات و لە هیچ نەسڵەمێتەوە و پێی دەکرێت، لەوپەڕی شۆڕشگێڕییەوە و لە سەنگەری پێشمەرگایەتییەوە و بە چەکەکەی دەستییەوە، بازداتە سەنگەری جاشایەتی و بەرگی جاشایەتی لەبەر کات و هەر بەو چەکەی دەستیشی ڕاوە پێشمەرگە بکات. پێدەچێت ئەمبەر و ئەوبەرکردن و ڕووگۆڕین و قسەگۆڕین و بەڵێنگۆڕین و ڕاگۆڕین و وەرچەرخان و بادانەوە، بەشێک بن لە سیفەتگەلە فرەئاساییەکانی کاراکتەری بەشێکی زۆری مرۆڤی کورد.

2005-6-13